# بانگەواز بۆ هەموو شەخسیات و ناوەندە سیاسیەكان

لە خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە دژی سیاسەتی ئەمریكاو لە پێناوی خواستی بەرپا كردنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان بەشداری بكەن

لە رۆژەكانی 5و6–1–2007 لە بەشیكی زۆر لە وولاتەكان خۆپیشاندان بەرامبەر سەفارەتەكانی ئەمریكا. ئەگەر چی ئەم خۆپیشاندانانە بە موبادەرەی كۆمیتەی دەرەوەی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق ساز دەكریت، بەلام دەرگای بەشداری كردن تیایدا بۆ هەر لایەنو كەسایەتیەك ئاوەلایە. هەر رێكخراوێك ، لایەنێك دەتوانێت لە چوارچێوەی دروشمی سەرەكی خۆپیشاندانەكە كە بریتییە لە ( نا بۆ بۆش، نا بۆ بیكر–هاملتۆن، بەڵێ بۆ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان) بە هەر دروشم و لافیتەیەكی خۆیەوە بەشداری بكات.

لەم خۆپیشاندانەدا یاداشتێك تەسلیم بە سەفارەتی ئەمریكا دەكرێت كە لە خوارەوە دەقەكەی هاتووە. هەر كەس دەتوانێت ناوی خۆی بۆ لیستی ئیمزا كەرانی ئەم یاداشتە ئیزافە بكات. ئەم یاداشتە هاوكات لە بەریتانیا، نەرویج، سوید، فنلاندا، دانیمارك، هۆلەندا، ئەلمانیا، سویسرا، كەنەدا وئوستralیا بە سەفارەت و قونسولیەكانی ئەمریكا تەسلیم دەكرێت.

بە بەشداری كردن لە خۆپیشاندانەكان، یان بە ئیمزا كردنی ئەم یاداشتە دەنگی خۆتان بخەنە پاڵ دەنگی خوازیارانی ریفراندۆم.

**شەماڵ علی**
**سكرتێری كۆمیتەی دەرەوەی**
**حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق**
01–01–2007

---

| **بۆ بەریز/ سەفیری ئەمریكا لە..........** |
|---|

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+46739079397

بابەت/ یاداشتنامە

پاش سڵاو...

سیاسەتی رەسمی حکومەتی ئەمریکا تا ئیستا بە گشتی و بە پێی یاداشتی بیکەر-هاملتۆنیش کە بەم دوایانە بڵاوکرایەوە،لە چوارچیوەی پیکهینانەوەی حکومەتی عیرقدا هیچ جیگایەک نادات بە بریارو ئیرادەی خەلکی کوردستان تا بەو جۆرەی دەیانەویت بریار لەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیان بدەن، لە جیگای ئەوەدا بریاری لکاندنەوەی دوبارەی کوردستان بەعیراقەوە تا ئیستا سیاسەتی رەسمی ئەمریکایە، ئەمە لە کاتیکدایە کە کۆمەلگای کوردستان لە ئاکامی ئالوگۆرەکانی نزیک  بە دوو دەهەی رابردوو خاوەنی تایبەتمەندی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتی خۆیەتیو بەکردەوە لە عیراق جیابۆتەوە.

ئیمە بەرامبەر ئەم سیاسەتەی حکومەتی ئەمریکا، نارەزایەتی خۆمان دەردەبرینو داواکارین کە هەرچی زووترە لە جێکای هەوڵدان بو ئیلحاق کردنەوەی کوردستان بە عیراقەوە ڕێگا بدەن کە خەلکی کوردستان لە ریفراندۆمێکی ئازادانەداو دوور لەهەڕەشە سەبارەت بە مانەوە لە چوارچێوەی عیراقدا بە مافی هاوولاتی بوونی یەکسانەوە (کە دەبێت لە ڕێگای هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی سکولاری غەیرە قەومی لە عیراق زەمانەت بکرێت)، یان جیابونەوە لە عیراق وپیکهینانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بڕیار بدەن.

بەسلاوی دوبارەوە

چاوەروانی وەلامی رەسمیتانین

ئیمزا................

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+46739079397